# بەرەو قوڵای

ڕەحمان سۆفی

هەردەم بەیانیان دەڕوانمە گزینگی ڕۆژ، بە لە کەل دەرکەوتنی خۆرەتاو شادی و خۆشی لە قوڵایی دڵم دا شەپۆل ئەدا. خونچەگوڵی بەختەوەریم لە باخچەی بەهەشتی بەرین دا دەپشکوێ. بە پێچەوانەش هەر کاتێک ئێواران دەڕوانمە ڕۆژئاوا، بە نەدیو بوونی خۆرەتاو خەفەت و کەسەرێکی زۆر لە دروونم دا پەنگ دەخواتەوە. شەپۆلی خەم و پەژارە گوڵی هیوام ڕادەماڵی و لەگەڵ خۆی دەبیا. خۆرنشین مەرگی دڵخۆشی منە. کۆتایی شکۆفەی ژیانە. دەکرێ بڵێم مەرگ و نەمانە.

شەوانە دەڕوانمە ئاسمان و دەچمە قوڵایی تێڕامانەوە. بیر لە وە دەکەمەوە تۆ بڵێی ئەوەی پێشینیان گوتویانە و دەڵێن " هەر کەس ئەستێرەیەکی هەیە " ڕاست بێ و منیش لەو فەزا بێکۆتاییەدا ئەستێرەیەکم هەبێ؟ بە چاو و بەخەیاڵ بۆ ئەستێرەکەم دەگەڕام. بەڵام هەر چەن هەوڵ ئەدەم، ئەستێرە ئەوندە زۆرن ئەستێرەی خۆم لە نێو ئەو هەموو ئەستێرە گەشانە دا بۆ جیا ناکرێتەوە. پرسیار لە بەر چاوم خۆی دەنوێنێ، لە دەریای بێ بنی ئەندێشە و تێڕاماندا نوقم دەبم. بەڵام بە هەر لەونێک، خۆم دەگرمەوە و دەکەومە نەرمە مەلە.

خۆم سەر کۆنە دەکەم، باشە، من بۆ ئاوا بوونی ڕۆژ بە کۆتایی و نەمان دەزانم!. ئەی بۆ بیر لەوە ناکەمەوە کە لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دا گۆی زەوی دەسووڕێ، سروشت و گیان لەبەر پشو ئەدەن. ڕەنگە شەو و بێدەنگی بۆ تازە کردنەوەی هەناسە بێ. ئەوە نییە لە نێوان شادی و شیوەن دا چەن خول بێدەنگی و ڕوانین و تێڕامان و ئەندێشە مێشک زاخاو ئەدا چۆنیەتی گیانی زیندەوەر دەگۆڕێ.

گومان و دوو دڵی، شەو نە خەوتن، بیر کردنەوە. هەر چەند بیر دەکردەوە، هەر چەند ڕێ و شوێن دەکێشم و لێکی ئەدەمەوە، تان و پۆی بیرم بۆ وەسەر یەک نا خرێ. بەڵام دوای گێرە و کێشەیکی زۆر، پاش بێنە و بەرە لەگەڵ مێشکی خۆم، بڕیار ئەدەم. سەفەرێکی هات و نەهاتم لە بەرە، و دەبێ بیکەم. جا، ئەگەر بەختم یاربێ و بتوانم بوارێک تاقی کەمەوە، ئەوە بە ئاواتی لە مێژینم دەگەم. ئەگەر واش هات و بە ئاوات نە گەیشتم و تیاچووم چی؟. جا، چ خەم. خۆ من لە شتێک بێ گومانم، چونکە ئیدی ئەوە جێی گومان نییە. ئەمە مسوگەرە، کە دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان جا، « زوو یان درەنگ » بمرم. ئەگەر هات و لەم بوارەدا گیانیش بە ساخی بەدەر نەبەم گرینگ نییە. گرینگ و پڕ بایەخ ئەوەیە کە خۆم بتوانم ڕێگایکی نوێ، ڕێگایەک کە «

هی هیچ کەسی دی نەبێ، و کسی پێدا نە ڕۆیبێ » بدۆزمەوە. بەڵکو بتوانم ڕچەیەک بشکێنم و شوێنەوارێک بە جێ بێڵم.

ڕێبواری ڕێی خۆ دۆزینەوم، بە رەو باخی گومان و دوو دڵی، زانستی ئەمڕۆی دەڕۆم. نا سەرە ڕۆ نییم. بە پارێزم. لە ئاوی شەوێش خۆ دەپارێزم. کاڵەی ئاسنم لە پێ کردوە، زرێی پۆلایم پۆشیوە تۆشەی ڕێم بە پێی نیاز لە هەمانەی ئازمون و تاقیکردنەوە و هەڵە، لە کۆڵ ناوە دروست دەڕۆم لە ئاسۆیی ڕێ نابڕم. لە ئەستۆنی دادەگەڕێم، نەک لە درێژایی، نەک لە پانایی، بەڵکو لە قولایی دەڕۆم.